# کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر یاساکانی فۆنۆلۆژیی کوردی

د. عادل ڕەشید قادر
زانکۆی سلێمانی
سکوڵی پەروەردەی بنەڕەت

**پێشەکی**

**١/٠) ناونیشان و بواری لێکۆلینەوەکە:**

ئەم لێکۆلینەوەیە بە ناونیشانی (کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر یاساکانی فۆنۆلۆژیی کوردی)یە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕوو و شیکردنەوەیەکی زانستیانە بۆ ئەو کاریگەرییانەی کە زمانی عەرەبی دروستی کردوون لە سەریاساو مەرجەکانی سەرەوەڕیزبوون بەیەکەوەهاتنی دەنگەکان لە ناو قالبی وشەو بڕگەی فۆنۆلۆژیی کوردیدا. بواری لێکۆڵینەوەکە لایەنی مۆرفۆلۆژیی و هەندێك جاریش بەپێی پێویستی لێکۆڵینەوەکە پەنا دەبەینە بەر سینتاکسی زمانەکە.

**٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە**

دەنگسازیی (فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیی) یەکێکە لە ئاستە گرینگەکانی هەر زمانێك کە پێویستی بە توێژینەوەی زۆر هەیە، زمانی کوردیش کەم تا زۆر لای لەو ئاستە کردۆتەوە و تا ڕادەیەکی باشیش لێڵی زۆری ڕەواندۆتەوە، بەڵام ئەگەر بەراوردێك بکرێت بە ئاستەکانی تری زمانەکەمان، هێشتا زۆر لایەنی ئەم ئاستە پێویستی بە لێکۆلینەوەی زیاتر هەیە.ئەم لێکۆڵینەویە دەچێتەچوارچێوەی هەموو ئەو هەوڵە زانستییانەی کە دەدرێت لەم بوارەدا.

**٣/٠)گرینگی لێکۆڵینەوەکە:**

فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیی بە دوو لایەنی گرینگی دەنگسازیی هەژماردەکرێت، خوێندکار تا دەگاتە زانکۆ و لە هەمووقۆناغەکانی خوێندنیدا لە بابەتەکانی زمانی کوردی پێی ئاشنا نەبووە و بە لایەوە نامۆیە. گرینگی ئەم لێکۆڵینەوە لەوەدا دەردەکەوێت کە کەلێنێکی تری ڕێنووسی کوردی چارەسەردەکات.

**٤/٠) سنوری لێکۆڵینەوەکە:**

نموونەکانی ئەم لێکۆلینەوەیە کە خراونەتەڕوو، یا لە زمانی ئاخێوەرانی زاری کرمانجی ناوەڕاست وەرگیراون، یاخود پەنابردراوەتە بەر دیوانی شاعیرانی کلاسیکی بە تایبەت لە وانەش کە کاریگەری زمانی عەرەبیان پێوەدیارە.

٥/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازی وەسفی شیکەرەوانە لەم توێژینەوەدا بەکارهاتووە.

٦/٠)بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی بەسەر سێ بەش دابەشکراون کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

بەشی یەکەم: پێناسەی فۆنیم و ئەلەفۆن لە ڕوانگەی جییاوازەوە کراوە و فۆنیم و ئەلەفۆنەکانی زمانی کوردی دیاریکراوە.

بەشی دووەم: یاساومەرجەکانی برگەی فۆنۆلۆژیی کوردی و کاریگەری دەنگەکان بەسەریەکتریەوە لەسەرەوڕیزبوون و بەیەکەوەهاتنی دەنگەکان لەناو قاڵبی برگەو وشەی کوردیداخراونەتەڕوو.
بەشی سێیەم: کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەریاساکانی فۆنۆلۆژیی کوردی خراونەتەڕوو و شیکراونەتەوە.
لە کۆتاییدا ئەنجامەکان و کورتەی لێکۆلینەوەکە بە زمانی عەرەبی وئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم

### ١/١) فۆنیم (Phoneme)

قسەپێکەرانی هەرزمانێك بەهۆی گۆڕانی واتا لە مۆرفیم و وشەکاندا هەستە بە بوون وجیاوازی لە فۆنیمەکاندا دەکەن، وە ك بۆنموونە (کەڕ: گەڕ)، (کۆڕ:گۆڕ) لە زمانی کوردیدا بەهۆی /ك/ و /گ/ جیاوازی لەواتادا هێناوەتە ئاراوە، یا (شار: شێر) بە هۆی /ا/ و /ێ/ جیاوازی لە واتادا هەستی پێدەکرێت، بەڵام ئەودەنگەی لە زمانێکدا جیاوازی لە واتادا دروست دەکات مەرج نییە هەمان ڕۆڵ ببینێت لە زمانێکی تر.
ژمارەو نرخ وبەهای فۆنیمەکان بە کۆنسۆنانت و ڤاوڵەکانەوە لە هەموو زمانەکان وەك یەك نیین (بۆ زانیاری زیاتربڕوانە:ئەوڕەحمانی حاجی مارف،١٩٧٦،٦٧)ئەم جیاوازیە ڕای جیاوازیشی لە پێناسەی فۆنیمەکاندا هێناوەتە ئاراوە، دەکرێت کۆی ڕاکان بەمشێوەیەی لای خوارەوە بخەینەڕوو.
زمانەوانی پۆڵەندی (دی کۆرتنی) لایەنی دەروونی دەکاتە پێوەری سەرەکی لە ناسینەوەی فۆنیمدا، هەربۆیەش پێی وایە فۆنیم ئەو دەنگە نموونەییەیە کە لە مێشکی قسەکەردایە، نەك ئەو دەنگە دەربڕاوە، چونکە دەنگی دەربڕاو گۆڕانی بەسەردادێت، ئەوەیش دەگەڕێنێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی(١) دوو دەنگی دووپاتکراو هەرگیز کتومت لەیەکتر ناچن(٢) هەموو دەنگێك لە ژێرکاریگەری دەنگەکانی دەورووبەریدا دەگۆڕێ.
ئەم بۆچوونەی (دی کۆرتنی) لەسەر فۆنیم لایەنگر و ڕەخنەی لێکەوتەوە، لەوانەی کە ڕەخنەیان لەم تێڕوانینە گرت (توادێل) و زمانەوانی ڕوسی (ترۆبتیسکۆی) کە سەر بە قوتابخانەی(پراگ)ە، لەو باوەڕەدان ئەم جۆرە پێناسانە سوودی نیە و نامانگەیەتێتە مێشکی مرۆڤ و لە پێناسەی فۆنیمدا دەبێت لە دەروون و مێشك دووربکەوینەوە.ئەم ڕایەی (دی کۆرتنی) لە نووسینەکانی (ساپیر) هەستی بە بوونی دەکرێت.
دانیال جۆنز ڕایەکی تری جیاواز لە پێناسەی فۆنیم دەخاتەڕوو و زمانەوانی ئەمریکی (گلیسن)یش پەسندی دەکات، کە بەرای ئەوان فۆنیم بریتییە لە هێمایەك کە چەند دانەیەکی فۆنەتیکی گرد دەکاتەوە و، لە پۆلینکردنی دەنگدا گوێ لە ڕاستی فۆتەتیکی بەولاوە بە هیچ بنەمایەکی ترنادات و هەروەهاڕێگەی واتاو ڕاستی ڕێزمانی لە ناسینەوەی فۆنیمدا تەواو پەك خراوە.
تێڕوانینێکی تر کە تەواو پێچەوانەی تێڕوانینی هۆشەکی و فیزیکیە لە پێناسەی فۆنیمدا، کەبەمجۆرە پێناسەی فۆنیم دەکەن:فۆنیم بچوکترین دانەیە کە ئەرکی جیاکردنەوەی واتا دەگرێتە ئەستۆ، نە دەنگە و نەخێزانە دەنگ بەڵکو دانەیەکی ڕووتی تیۆرییە لە ئاستی فۆتۆلۆجییدا بە پێی ئەو جیاوازییانەی لە زمانەکەدا بەدیدەهێنێ دیاریدەکرێ (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمد معروف فتاح،٢٠١١،٦٧).
تێڕوانینێکی ترکە تەواو پێچەوانەی ڕوانگەی فۆنەتیکی دەوەستێتەوەو ڕێگای تردەکاتە پێوەر لە ناسینەوەو پێناسەی فۆنیمدا ڕوانگەی ڕووت (مجرد)ە، لەوانە:

أ- ڕەفتاری مۆرفۆلۆجی دەنگەکان:

ئەگەرچی دەنگە خشۆکەکانی{ش} و {ژ} یا {س} و {ز} هەروەها دەنگە گیراوەکانی {ب} و {پ} هەرچەندە لێکچوونی فۆنەتیکی هاوبەشیان زۆرە ولە زۆرشوێنیشدا لەبەر زەبری دەنگی دەوروبەر دەگۆڕدرێن، وەك بۆ نموونە:

(پشتدەر ـــــ پژدەر)

(هەشت ـــــ هەژدە)

یان:

(دەست ـــــ دەزگا)

(مس ـــــ مزگەر)

لە دەنگە گیراوەکاندا، وەك بۆنموونە:

(چی بکەم ـــــ چیپ کەم)

بەلاَم لە زۆر جووت وشەدا (min mal pair) بەرامبەر یەکتر دەوەستنەوەو بە گۆڕانیان واتای نوێ دەیەننەوە ئاراوە، وەك بۆ نموونە:

(شان: ژان)

(شین: ژین)

(سالَ: زالَ)

(ساوا: زاوا)

(با: پا)

(بیر: پیر)

بە دوورکەوتنەوە لە بنەمای لێکچوونی فۆنەتیکی دەنگەکان، هەموو ئەمانە دەیسەلمێنن ئەم دەنگانە فۆنیمن لە زمانەکەدا.

ب- بنەمایەکی تری ڕوانگەی ڕووت لە پۆلینکردنی فۆنیمەکان بەبێ ڕەچاوکردنی لێکچوونی فۆنەتیکیە، لێکچوون و جیاوازی لە دابەشبووندایە.ئەم تێڕوانینە زیاتر ئەرکی پۆلینکردنی فۆنیمەکان دەبینێ بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازی و وێکچوونی لایەنی فۆنەتیکی دەنگەکان، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا نیمچە (ڤاولَ/ کۆنسۆنانت) ەکانی (W.Y) ئەگەرچی لەڕووی فۆنەتیکەوە لە یەکترجیاوازن، بەلاَم لە دابەشبووندا هەمان ڕەفتاردەنوێنن لە قالبی برگە لە جەمسەری سەرەتادا لە بەشی دووەمی پێکهاتەکەدا لە هەمان جێکەوتەدا دەکەونەوە، وەك بۆ نموونە: (پیاو، پیاز، سیان) و (چوار، ژوان، خوان).

بە وردبوونەوە لەوەی خرایە ڕوو دەتوانین بە کورتی بلێین، فۆنیم: بەها و ناسینەوەیان لە چوارچێوەی وشەو مۆرفێمدایە لە هەر زمانێك، ئەو فۆنیمەی لە زمانێکدا ئەرکی واتاگۆڕین دەبینێ مەرج نیە لە زمانێکی تر هەمان ڕۆلَ ببینێ، هەربۆیەش زمانەکان لە ژمارەی فۆنیمەکان (کۆنسۆنانت، ڤاولَ) جیاوازن و بەهاکانیشیان هەر هەمان بەها نییە، بەراوردیکردنی (س، ص) و (ر، ڕ) لە نێوان زمانی عەرەبی و کوردیدا ئەم ڕایە دەسەلمێنێ.

## ٢/١) ئەلۆفۆن (Allophone)

ئەگەر لە مۆرفيمەكان وردبينەوە، تێبينى دەكەين " كە هەندێ جار وا ڕێكدەكەوێت يەك تاكە مۆرفيم بە چەند ڕێگايەك يان بە هۆى چەندين فۆرمەوە دەنوێنرێت وەك لە شێوەى جيا جياكانى نيشانەكانى ناسياوى ونەسياوى و كۆى كورديدا بەديدەكرێت كە بە هەموويان لە ژينگەى جياجيادا تاكە مۆرفيمێك دەنوێنن" (بڕوانە: محەمەد معروف فتاح- سەباح ڕەشيد قادر:٢٤،٢٠٠٦)، لە ژێر تيشكى ئەم پێناسەيەى مۆرفيمەوە بۆ فۆنيم و ئەلۆفۆنەكان ئەم خالانەى لاى خوارەوە دەخەينە ڕوو:

١-لە دووپات كردنەوەى دەنگەكان لە وشەو مۆرفيمەكاندا،جێكەوتەى دەنگەكان وا دەكات ئەو دەنگانە هيچيان لە يەكتر نەكەن، وەك بۆ نموونە:

# _____ # _____ # _____ #

تەنەكە دەستەگوڵ مەست

٢-كاريگەرى زمانەكان بەسەريەكترييەوە وا دەكات هەندێ لە دەنگەكانيان بپەڕنەوە زمانەكەى تر، وەك بۆنموونە:

ئەو دەنگانەى زمانى عەرەبى (ص، چ، گ) لە ئاخاوتنى ڕۆژانەى زمانى كورديدا گۆدەكرێت بەلام وەكو فۆنيم لە ناو سيستەمى زمانەكەدا كارناكات، بۆيە پلەى ئەلۆفۆنيان دراوەتێ.

٣- لە ئاستى ئاسۆيى يا تەكنشينيدا كاتێك دەنگەكان بەدواى يەكتر ڕيز دەبن لە پێكهێنانى وشەو بڕگەدا دەنگەكان لە ژێر زەبرى دەنگى دەورووبەردا گۆڕانيان بە سەرداديێت، وەك بۆ نموونە:

هەشت +دە> هەژدە پشت > پژدەر

پەرست +گا > دەزگا پەرست گا> پەرزگا

سەرت داگرە > سەردداگرە

چى بكەم > چيپ كەم

٤-تەمەن و جنس و پيشەوكار و ئاستى ڕۆشەنبيرى تاكەكەس هەموو ئەمانە دەوركاريگەرى خۆيان دەبينن لە گۆكرنى شێوەى جياجياى دەنگەكان.

ئەگەر مۆرفيمەكانى (ناسياوى لە زمانى كورديدا) بە فۆرمى جياجيا بە پێى ئەو ژينگەيەى كە تيايدا دەردەكەون (ەكە، كە، ك) هەمان ئەرك و واتا بەدەستەوە دەدەن و بە هەموويان ئەلۆمۆرفى نيشانەى ناسياوى دەبەخشن. وەك بۆ نموونە:

كوڕ > كوڕەكە تەختە> تەختەكە مامۆستا> مامۆستاكان

ئەوە شێوە ى جياجياى دەنگەكانيش بە پێى ئەو مەرجانەى لاى سەرەوە خرانەڕوو كار لە واتاى وشەو مۆرفيمەكان ناكات و دەكرێت پێيان بوترێت شێوەى جياجياى هەمان دەنگ و پلەى (ئەلۆفۆنيان) بدرێتێ.

### ٣/١) فۆنيمەكانى زمانى كوردى

ڕاى جياجيالەلايەن زمانەوانە كوردەكانەوە سەبارەت بە ژمارەى فۆنيمەكانى زمانى كوردى خراونەتە ڕوو و هەندێكيان (٣٦) فۆنيميان دياريكردووە (بڕوانە: وريا عومەر ئەمين: ١٢،٢٠٠٦). لە "نووسراوەكانى مەكەنزيدا كە دەربارەى دياليكتى كوردى لە بەسى فۆنەتيكدا بۆ دياليكتى كرمانجى خواروو(٩) و بۆ كرمانجى ژووروو (٨) دەنگى بزوێن و دياريكراوە " (بڕوانە ئەوڕەحمانى حاجى مارف: ٢١،١٩٧٦). هەريەك لە جەلادەت عالى بەدرخان

و رەشید کوردو مامۆستا توفیق وەهبی و مامۆستا نوری عەلی ئەمین و مامۆستا گاهرهەورامی (بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ٢٤،١٩٧٦)لەسەر ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (کۆنسۆنانت و ڤاوڵەکان) ژمارەی جیاجیان خستۆتەڕوو.

فۆنیم وەکو بونەوەر وایە لە دایك دەبێت و گەشەدەکات و جاری واش هەیە هەندێك لەو فۆنیمانە دەپوکێنەوە، بەراوردی (پ،ژ) لە زاری هەورامی و (ح، ع،غ) لە زاری کرمانجی ناوەڕاستدا بکە، و لە ئێستادا (ڤ) لە کرمانجی ناوەڕاستدا خەریکە پانتاییەکی زۆر داگیردەکات لو وشەکانی ئەم زارەدا، وەك بۆ نموونە: ئێڤار، ئەڤین، تەڤگەر، بازێرڤان، دلۆڤان، جڤات....هتد.

فۆنیم لە شێوەی جودا جودا واتابەخش نییە و ئاساییانە وەکو بچوکترین یەکەی واتاجیاکەرەوە پێناسەدەکرێت(بڕوانە: غازی عەلی خورشید،٢٦،٢٠١٠).

فۆنیم (Phoneme) بەو دەنگانە دەوترێت کە لە زماندا وشە پێك دەهێنن و، بە گۆڕان لاچوونیان واتا دەگۆڕن.(بڕوانە ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٥،١٩٧٦)، بەڵام لە بەر ئەوەی وشەو فۆنیم لە دوو ئاستی جیاوازدان وشە لە ڕێگەی فۆنیمەوە دەنوێنرێت.

فۆنیم – بچووکترین دانەی دەنگیی سیستەمی زمانە، کە بریتی یە لە ماکی دەنگیی پێکهێنی وشەو مۆرفیم و دەوری جیاکردنەوەیان دەبینێ. (بڕوانە: میدیا ١٩٩٨،٢٩٨).

فۆنیمەکانی زمانی کوردی بەشێوەی گروپ دابەش دەکرێن بەمشێوەی لای خوارەوە:

أ/ ڤاوڵەکان (دەنگدار)

ب/ کۆنسۆنانتەکان

١-دەنگە گیراوەکان (کپ+ دەنگدار)

٢-دەنگە خشۆکەکان (کپ+دەنگدار)

٣-ئەفریکاتەکان (کپ+دەنگدار)

٤-دەنگە لاییەکان (دەنگدار)

٥- دەنگە لەراوەکان (دەنگدار)

٦-دەنگە لووتییەکان (دەنگدار)

٧-نیمچە ڤاوڵەکان (دەنگدار)

ئەو دەنگانەی کە لە زمانی عەرەبیەوە هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە یا هێشتا لە پلەی (ئەلۆفۆن) دان، یا وەکو فۆنیمەکانی تر چالاك نینەوە و تەنها لە وشانەدا دەبینرێنەوە کە لە زمانی عەرەبیەوە هاتونەتە ناو زمانەکەمان.

### ١/٢) یاساو مەرجەکانی بڕگەی کوردی

فۆنۆلۆجی (Phonology) ئەو بەشەی زانستی زمانە کە لەو یاسایانە دەکۆڵێتەوە کە بە هۆیانەوە دەنگەکانی زمانێکی تایبەتی لەیەك دەدرێن بۆ دروستکردنی بڕگە (بڕوانە: وریا عومەر ئەمین،١٤،٢٠٠٤).

بۆ ڕیزبوون و بەیەکەوە هاتنی ئەو دەنگانە لە زمانی کوردی ئەو مەرجانەی لای خوارەوە ڕەچاودەکرێت:

١-ڤاوڵ ناوکی بڕگە پێکدەهێنێت.

٢-سەرەتای بڕگە بە ڤاوڵ دەست پێناکات، واتە بە کۆنسۆنات دەست پێدەکات و ناکرێت لە کۆنسۆنانتدا چۆڵ بکرێت.

٣- دوو ڤاوڵ بەدوای یەکتردا نایەت.

٤-ئەگەر کۆنسۆنانتێك کەوتە نێوان دوو ڤاوڵەوە، ئەوە ڤاوڵی دووەم کۆنسۆنانتەکە بە لای خۆیدا وڕادەکێشێ بۆ ئەوەی مەرجی (٢) جیێبەجێ بکرێت.هەمان مەرج بۆ دوو کۆنسۆنانت جێبەجێ دەبێت و بۆ هەمان مەبەست.

٥- هێشوە کۆنسۆنانت (Cluster) کە بریتییە لە بەیەکەوە هاتنی دوو کۆنسۆنانت یا زیاتر بە دوای یەکتریـیەوە دروست دەبن. لە زمانی کوردیدا زیاترلە دوو کۆنسۆنانت یان کۆنسۆنانتێك و نیمچە کۆنسۆنانتێك بۆ جەمسەری سەرەتای بڕگەو نیمچە کۆنسۆنانتێك و دوو کۆنسۆنانتێك لە جەمسەری کۆتایی بڕگەدا ڕێگە پێنەدراوە، ئەم یاسایە لە زمانێکی وەکو زمانی ئینگلیزی هێشوە کۆنسۆنانت لە جەمسەری سەرەتای بڕگە ڕێگە بە دوو کۆنسۆنانت زیاتر دەدات، وەك بۆ نموونە (spring, street)

## ٢/٢) یاساکانی فۆنۆلۆژیی کوردی

سەرەنج بدەینە هەرزمانێك کۆمەڵێك یاسای تایبەت بە خۆی هەیە یان مۆرکی ئەو ئەو زمانەی پێوە دیارە لە لێکدانی فۆنیمەکان بۆ دروستکردنی دانەی لە خۆیان گەورەتر وەکو (بڕگە، وشە، فریز، رستە)، لە ئەنجامی خستنەتەکیەك و ڕیزکردن و لێکدانیان لە ناو قالبی وشەو بڕگەدا کۆمەڵێك دیاردەی دەنگی دێتە ئاراوە بە پێی مەرجەکانی بڕگە لە زمانەکەدا، دەکرێت بە کورتی بەم شێوەیەی لای خوارەوە بیانخەینە ڕوو:

١-لەبەر ئەوەی یاساو مەرجەکانی بڕگە لە زمانی کوردیدا ڕێگا بە هاتنی دوو ڤاوڵ نادات بەدوای یەکترییەوە.(بڕوانە:١/٢). بۆیە دوو دیاردەی دەنگی ڕوو دەدات، لەوانە:

أ/پەیدابوونی کۆنسۆنانت یا نیمچە کۆنسۆنانت لە نێوان دوو ڤاولدا، وەك بۆ نموونە:

برا+ان> برایان

مامۆستا+ ان > مامۆستایان

دێ +ان > دێیان

ب-لە ناوچوونی ڤاوڵ، وەك بە نموونە:

تەختە+ ان> تەختان

بەڕە+ ان>بەڕان

پەنجەرە+ەك> پەنجەرەکە

٢- لەناوچوونی کۆنسۆنانت/ کەوتنی دەنگ (hapology)

دوودەنگی کۆنسۆنانتی لە یەکچوو یان نزیك لە یەکتر ئەگەر بکەونە دوای یەکتر، ئەوە یەکییان لە ناو دەچێت، یان (أ- لابردنی دەنگێك لە دوو دەنگی لێکچووی دوابەدوای یەکدا، ب- لابردنی دەنگێك لە وشەیەکدا بەمەبەستی ئاسانی درکاندن، بڕوانە: تالیب حوسێن عەلی،٢٠٠٥،٨٠)، وەك بۆ نموونە:

ڕۆژ+ ژمێر> ڕۆژمێر

ڕێك+ کەوتن>ڕێکەوتن

دا بنیشە > دانیشە

بەڵام لەهەندێ  وشەدا ئەو ژینگەیە لە بار نیە یان كۆت (قیود) ی واتای دەبێتە ڕێگر لە جێبەجێ بوونی ئەم یاسایە، وەك بۆنموونە:

پێك + كەوتن > ١- پێككەوتن ٢- پێكەوتن

لە(١) دا  هەردوو كەرەستەكە بەریەك دەكەون لە (٢) دا كەرەسەیەك بەر ئەوەی تر دەكەوێت لەوانەشە پێكەوتنەكە تەنها یەك لایەك بگرێتەوە. یا لە نموونەیەكی تردا:

لێك + كەوتن > ١- لێكەوتن ٢- لێككەوتن

٣- كەوتنی دەنگ

دەست+ كەوت> دەسكەوت

٤- تواندنەوە (Assimilation)

كۆنسۆنانتە كپەكان كە دەكەونە پێش كۆنسۆنانتەدەنگدارەكان گۆڕانیان بەسەردادێت و وەكو ئەوان دەنگدار دەبن، وەك بۆ نموونە:

بەش +دار> بەژدار

مس+ گەر> مزگەر

سەرت + داگرە> سەرددداگرە

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە یاساكانی فۆنۆلۆژیی زمانی كوردی(بڕوانە:محمد معروف فتاح:١١٩-٢٠١١،١٢٥) و(بازیان یونس محێدین:١٠١، ٢٠١٣).

**١/٣) كاریگەری زمانی عەرەبی لە سەر یاساكانی فۆنۆلۆژیی كوردی**

گەلێك هۆكار هەیە كار دەكەنە سەر هەر  زمانێك و دەیگۆڕن، ئاستی دەنگسازیی (فۆنەتیك، فۆنۆلۆژیی) زیاتر لە ئاستەكانی ترو زووتر دەكەونە ژێر ئەم كاریگەرییانە.

یەكێك لەو هۆكارانە "كارتێكردنی زمانێكی تر، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزی كۆندا دەنگی (ژ) نەبووە، بەڵام لە ئەنجامی كارتێكردنی زمانی فەڕەنسی گەلێ وشەی وەك rough azure , measure  كە دەنگی (ژ)یان تێدایە كەوتوونەتەناو زمانی ئینگلیزی وبوون بە بەشێكی بنجی فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی، بەم جۆرە دەنگی (ژ) كەوتە ناو سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانی ئینگلیزی، دەنگی (ڤ) ش بە هەمان شێوە" (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وریا عومەر ئەمین،٢٠٠٤،١٥).

بە درێژایی زیاترلە (١٤٠٠) ساڵ بە هۆی ئاینی ئیسلامەوە زمانی كوردی كەوتۆتە ژێر كاریگەری زمانی عەرەبیەوە، هەر بەوهۆیەشەوە كۆمەڵێك لەو دەنگانە وەكو(ع، ق، ح) هاتونەتەوە ناو زمانی كوردییەوە و بونەتە بەشێكی بنجی سیستەمی فۆنۆلۆژیی زمانەكە و هەندێك لەو دەنگانەش وەكو (ئەلەفۆن) ماونەتەوە و بونەتەشێوەیەكی تری دەنگەكانی كوردی (چ، ص،گ) بۆ (ز، س، ت) لە نموونەكانی (زاڵ، سەد، تاڵ). جگە لەوانەی كە ئاماژەی پێكرا زمانی عەرەبی هەندێك لە یاساو مەرجەكانی فۆنۆلۆجیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە ناو سیستەمی فۆنۆلۆژیی زمانەكە، لەوانەش  یاسای دەنگە (لوتییەكان) ە و هاتن و ڕیزبوونیان لەگەڵ دەنگەكانی تری زمانی عەرەبی، كە بریتین لە (دەرخستن (ألإظهار)، خستنە ناویەك (ألإدغام)، پەنادان / داپۆشین (ألإخفاء)،گۆڕین /هەڵگێڕانەوە (ألإقلاب/ قلب)ە، یاسا دەنگە لوتییەكان كە بریتیین لە (م،ن) و ڕیزبوون

بە یەکەوەهاتنییان لە گەڵ دەنگەکانی تری ئەو زمانەو خستنەڕووی ئەو دیاردە دەنگییانەی کە لەو نێوەندەدا ڕوودەدات، بریتیین لە:

**١-١/٣)یاساکانی نونی وەستاو و بەنونکردن(أحكام النون الساكنه والتنوين):**

نونی وەستاو (النون الساكنه): نونێکی وەستاوی بێ جوڵەیە، جوڵەش بریتییە لە (سەر، بۆر، ژێر) واتە (الفتحة، الضمة، الكسرة) کە لە نووسیندا دەخرێتە سەر پیتەکان و لە خوێندنەوەدا وەکو(ــە، و، ی)یکی کورت گۆدەکرێت[1].

بەنونکردن (التنوين): ئەو هێمایانەیە کە لە لە کۆتایی لە سەر هەندێك پیت لە وشەکاندا دادەنرێت و لە خوێندنەوەدا وەکو (ـەن، ون، ین) گۆدەکرێت، هێماکانیش بریتیین لە (دوو سەرە، دوو بۆر، دوو ژێر بەسەر یەکتریەوە) واتە (تنوين الفتحة، تنوين الضمة، تنوين الكسرة)، (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: خليفه البو سعدى، (www.avb.oman.net

نونی وەستاو یان بە نونکردن لە زمانی عەرەبیدا لەگەڵ پیتەکانی تری ئەم زمانە و بەیەکەوە هاتنیان لە وشەو بڕگەدا بە پێی ئەم چوار یاسایە ڕێکخراوە:

**یاسای یەکەم / (ألإظهار) دەرخستن یا دەرکەوتن:**

گۆکردنی هەر دەنگێك لە شوێنی دروستکردنیدا وەکو خۆی و بێ زیادە خستنەسەریان درێژکردنەوەی زرنگەییەکەی (الغنه):

ئەگەر هات بە دوای (ن) وەستاودا هەریەك لەم شەش دەنگە گەروویەی بەدواداهات کە بریتیین لە (و، هـ، ع،ح، غ، خ)، ئەوە (ن) ەکە بە تەواوەتی دەردەکەوێت لە شوێنی دروست بوونیدا،واتە تەواوی سەروپێشەوەی زمان بە مەڵاشووەوە دەنووسێت کە دەبێتە ڕێگر لە بەردەم هەواکەو نایەڵێت لە دەمەوە دەربچێتە دەرەوە، هەروەها تەواوی زرینگەیی دەنگەکە بە لووتدا تێدەپەڕێت، وەك بۆ نموونە:

مَنْ أمن، مَنْ هادٍ، سميعٌ عليم، عليمٌ حكيم، مَنْ خيرٍ .

---

[1]- لە خوێندنی حوجرەو مزگەوتەکاندا مەلا کوردەکان هەندێك دەستەواژەیان بەکارهێناوە بۆ خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز بە فەقێو سوختەو موستەعیدەکان (من وای لێکدەدەمەوە: ئەم سێ پلەی خوێندنی مزگەوت لەبەرامبەر خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی ئێستا دەوەستێتەوە)، (سەر، بۆر، ژێر) لەبەرمبەر (الفتحة، الضمة، الكسرة)دا بۆ (السكون)یش (زەنە)یان بەکارهێناوە، بۆ نموونە لە خوێندنەوەی وشەیەکی وەکو (أبْجَد)دا بەم شێوەیە خوێندراوەتەوە (ئەلف سەر ئە- بێ زەنە- ئەب، جیم سەر جە- دال زەنە- جەد– ئەبجەد)و لە خوێندنەوەی وشەیەکی وەکو (حطى)دا بەم شێوەیە خوێندراوەتەوە: (حا بەر حو طا زەنە حوط ی ژێر – ی حوطی)

**یاسای دووەم / (الإدغام) خستنە ناویەك:**

عەرەب لە پێناسەی خستنە ناویەك (الإدغام) دا دەڵێن – لغاوەکەم خستە ناودەمی ئەسپەکەوە، یا شیرەکەم خستەوە ناو کاڵانەکە.

لە پێناسەکەدا بەم شێوەیە ڕوون دەبێتەوە گەیاندنی دەنگێکی وەستاو بە دەنگێکی تر کە جوڵەدار بێت و بە شێوەیەك کە هەردوو دەنگەکە وەك یەك دەنگ دەرببڕدرێن و گیرکردنی لە سەر دەنگی دووەم بێت. (لە ئەلفوبێی زمانی کوردیدا هیچ هێمایەك بۆ گیرکردن(التشدید) دانەنراوە بەڵکو ئەو پیتە دووبارەدەکرێتەوە لە نووسینەوە، وەك بۆ نموونە: مادده، شەممە، میللەت . عیززەت....).

ئەگەر هات و بەدوای دەنگی (ن)دا هەریەك لە شەش دەنگە کە لە وشەی (یرملون)دا کۆکراوەتەوە واتە(ی، ر، م، ل،و،ن) ئەوە خستنە ناو دەنگ دروست دەبێت (لە گۆکردن نەك لە نووسیندا)، ئەویش دوو جۆرە:

أ/ خستنەناو یەکی بە زرینگە (الإدغام بغنە) کە لە گەڵ ئەم دەنگانە دروست دەبن کە لە وشەی (ینمو) دا کۆبۆتەوە واتە(ی، ن، م، و)، وەك بۆ نموونە:

مَنْ یَعمل، مَنْ نِعمة، مَنْ مال، مَنْ ولي .

ب/ خستنە ناویەکی بێ زرینگە (الإدغام بلا غنە) کە لەگەڵ دەنگەکانی (ل، ر) دروست دەبێت، وەك بۆ نموونە:

مَنْ رَبهم، ولكنْ لا

بەڵام تێبینی ئەوە بکە ئەگەر هات و (ن) یی وەستاو لە گەڵ (و، ی) لە یەك وشەدا کۆ ببنەوە ئەوە ئەو یاسایەی کە پێشتر خرایە ڕوو لە خستنە ناو یەکی دەنگ ڕوو نادات (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. أیمن رشدی www.islam all.com.)، وەك بۆ نموونە:

قنوان، صنوان، الدنیا، بنیان .

**یاسای سێیەم: (الإخفاء) پەنادان / داپۆشین:**

گۆکردنی دەنگێك کە خەسڵەتەکانی لە نێوان خستیە ناویەك و دەرکەتندا دەبێت و گیرکردنی تیادا ڕوونادات و هێشتنەوەی زرینگەیی لە سەر دەنگی یەکەمدا (مەبەست دەنگە لووتیەکەیە) دەمێنێتەوە.

پەنادان یا داپۆشینی دەنگی لووتی (ن) ی وەستاو ڕوودەدات لە گەڵ ئەو (١٥) دەنگە کە لە بەیتە شیعردا کۆبوونەتەوە:

صف ذا ثني كم جاد شخص قد سما

دم طیبا زد في تقي ضع ظالما

واتە (ص، ژ، پ، ك،ج، ش، ق، س ـــ د، گ، ز، ف، ت، چ، ڤ)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الدكتور . محمد راتب النابلسی. ٢٠٠٨ www.nabulsi.com)، وەك بۆ نموونە:

أنْفسكم، تنْذرهم، منْكم، الإنْسان، منْصُور، منْ دون، أنْ كان، منْ قبل، منْ شيء، ماءً ثجاجا، شيءٍ شهید، تبعاً فهل، كلمةٍ طیبة، حلیةٍ تلبسونها.

یاسای چوارەم/ (ألإقلاب / قلب) گۆڕان یا هەڵگێڕانەوە:

گۆڕینی دەنگێك یان هەڵگێڕانەوەی بۆ دەنگێکی تر ڕوودەدات (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: www.al.eman.com)، بەم مەرجانەی لای خوارەوە:

١-ئەگەر هات و لە وشەیەکی سادە یان لێکدراودا بە دوای دەنگی (ن) دا دەنگی (ب) هات ئەوە دەنگی (ن) ەکە دەگۆڕدرێت بۆ (م) و ڕەچاوی لێوگیرکردن دەکرێت.

٢-ئەم یاسایە لە سەربە نونکردن (تنوین) و نونی (توکید) یش جێبەجێ دەبێت، وەك بۆ نموونە:

أنبیاء > انمبیاء، أنباء > انمباء، منْ بعد > منم بعد

{وما تفرق الذین اوتوا الکتب إلا منم بعد ما جآءتهم البینة} (البینة آیة ٤)

{کلا لئن لم ینته لنسفعا بالناصیة} (العلق آیة ١٥)

٣/ ئەم گۆڕانی دەنگیە لە گۆکردندا دەبێت نەك لە نووسیندا.

٤/ هێمای (م) لە سەر دەنگی (ن) دا دەنرێت کە ئاماژەیەکە بە گۆ(تلفظ) کردنی (ن) ەکە بە (م)

شاعیری گەورەی کورد لە بەر ئەوەی لە مزگەوت و حوجرەدا خوێندنەکەی تەواوکردوە و تەواو ئاگای لەم یاسایانەدا هەبووە، وەك لەم بەیتە شیعرەی کە لە قەسیدە بەناوبانگەکەی کە بۆ سالمی ناردووە دا دەردەکەوێت:

وەك ئاهەکەم دەوان بە هەتا خاکی کۆی یار

وەك ئەشکەکەم ڕەوان بە هەتا ئاوی (شیوەسور)

نالی ڕەچاوی ئەوەشی کردوە کە لە نووسیندا دەنگی (م)ەکەی وەکو خۆی نووسیوەتەوە، بەڵام لە خوێندنەوەدا وەکو (م) گۆدەکرێت (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبد الکریم، ١٧٨، ١٩٧٦ ).

ئەم یاسایەی کە ئاماژەی بۆ کرا لەم نموونانەدا بەدیدەکرێت .

بەرانبەر > بەرامبەر

قونبەلە > قومبەلە

تەنبەل> تەمبەل

برنجی عەنبەر > برنجی عەمبەر

قەنبەر> قەمبەر

قەنبوور> قەمبوور

تێبینی ئەم ڕستانەی لای خوارەوە بکە و لێی ورد بەرەوە:

١/ جوان بڕۆ > جوان م بڕۆ.

٢/ ئارام وئاسۆ چوون بۆ سلێمانی > ئارام و ئاسۆ چون م بۆ سلێمانی .

٣/بۆڕی ئاوەکە کون بوە > بۆڕی ئاوەکە کونم بوە.

٤/ پارەوکەت جوان بجوە ئینجا قوتی بدە. > پارەوکەت جوانم بجوە ئینجا قوتی بدە.

کەواتە ئەگەر لە گۆکردندا (ن) مان گۆڕی بە (م) جیاوازی لە واتادا ناهێنێتە ئاراوە و مەبەستەکەش ناگۆڕێ، بەڵام دەبێت لە نووسیندا وەکو خۆی بنوسرێتەوە.

٣/١-٢ (أحکام المیم الساکنە) یاسای میمی وەستاو:

یاساکانی (میم)ی وەستاو هەروەکو یاساکانی (نون)ی وەستاوە وایە بەڵام (الإقلاب) گۆڕان یا هەڵگێڕانەوەی تیادا ڕوو نادات.واتە بریتییە لە (خستنە ناویەك (إدغام)، دەرکەوتن (إظهار)، پەنادان (إخفاء). ئەوەی کە مەبەستمە بیخەمەڕوو سەبارەت بە یاساکانی (میم) تەنها یاسای (خستنە ناو یەك(إدغام)ە:

ئەگەر بە دوای دەنگی (م)دا دەنگێکی تری (م) هات، لە دوو وشەی بەدوا یەکدا هاتوو، واتە (م)ی یەکەم لە کۆتایی وشەی یەکەم و (م)ی دووەم لە سەرەتای وشەی دووەم، ئەوە هەردوو (م)ەکە وەکو یەك (م) گۆدەکرێت بە مەرجی درێژ کردنەوەی زرینگەکەی و گیرکرنی (مشدد)، وەك بۆ نموونە:

لكمْ ما ، ما لهمْ من الله

لە ناوی ڕۆژەکانی هەفتەدا (شەممە، یەك شەممە، دوو شەممە .... هتد).، بەڵام لە زمانی فارسی ئەمانە بەر یاسای (إقلاب) هەڵگێڕانەوە یا گۆڕان دەبێتەوە (شەنبە، یەك شەنبە، دوو شەنبە....) > (شەنمبە، یەك شەنمبە، دوو شەنم بە ...)، هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، لە بەرئەوەی لە نووسنی ئەلف و بێی کوردیدا (شدە) هیچ وێنەیەکی بۆ دانەندراوە هەمان پیت دووبارە دەنوسرێتەوە (شەممە).

(لە باسێکی تری سەربەخۆدا ئەم یاسایەو هەندێك یاسای تر دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیان بۆ دەکەین) .

## ئەنجامەکان

ئەنجامانەکانی ئەم توێژینەوەیە بەو شێوەی خوارەوەیە: .

١- ئەگەرچی ناونیشانی توێژینەوەکە لە ژێرکاریگەرییە، بەڵام زیاتر بە خاڵی ڕێکەوت دەبەسترێتەوە، چونکە زمانی کوردی لە زمانی تێکچڕژاوەکانو زمانی عەرەی زمانێکی داڕێژراوە، و بە ناوگری ناودەنریٚو بڕینی دیواری نێوان ئەو دوو زمانە زۆر ئەستەمە، ئەگەر هەشبێ خۆی زیاتر لە دیوی ئاخاوتن دەبینێتەوە، ناچێتە بواری یاساکانەوە.

٢- لە هەموو زمانەکان ئەو جۆرە کاریگەرییە لە بواری دەنگسازی لە ئاستی وەرگرتنی دەنگەکانە، بەڵام نەك بە بەهای فۆنیم، بەڵکو بەبەهای ئەلۆفۆنی دەبێ، کە ناتوانێ واتا گۆڕبێ.

٣- کاریگەری زمانی کوردیش بەسەر زمانی عەرەبییەوە هەیە، بۆ نموونە دەنگی (گ) (چ) کەوتۆتە زمانی عەرەبیەوە، لەپاڵ هەندێ ڤاوڵی وەکو (ێ)، بەڵام زیاتر دەچێتە بواری ئاخاوتنو زمانی (هەمەکی) (عامی)ییەوە.

٤- ئەو دەنگەی کە بایاسای (گڕیو کپی)ییەوە گۆڕانی بەسەرد دێ بەسێ قۆناغ دەڕوات:

١- + کپ ← - کپ

٢- - گڕ ← + گڕ

٣- +/- فۆنێم

واتە فۆنێمە تازەکە نەکپە کۆنەکە، نە گڕە نوێیەکە بەڵام گڕێکە – فۆنێمی یەکەم، + فۆنێمی دووەم، بەڵام هیچیان نییە.

**سەرچاوەکان**

- قورئانی پیرۆز

ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦) زمانی کوردی لە بەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا،١٩٧٦.

- بازیان یونس محی الدین (٢٠١٣)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجیو سینتاکس، خانەی موکریان بۆ چاپو بلاوکردنەوە، هەولێر.

- تالیب حوسێن عەلی (٢٠٠٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، بلاوکراوەی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەی، هەولێر.

- دەروون عبدالرحمن سالح(٢٠١٢)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، لەبلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

- شێرکۆ بابان (٢٠١٤) دەنگسازی زمانی کوردی بەتیۆری زەبری بزوێن چاپخانەی منارە، هەولێر.

- شێرکۆ بابان (٢٠١٥) بنجینەی دەنگسازی لەڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی منارە، هەولێر.

- عەبدولوەهاب خالید موسا(٢٠٠٩)، هێزو ئاوازە لەدیالێکتی کوردیی ژووروودا، بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

- محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر، (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

- محەمەد مەعرووف فەتاح (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- محەمەدی مەحوی(٢٠٠٠)، چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژی ڕێزمانی کوردیو ڕێزمانی عەرەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژین، سلێمانی.

- محەمەدی مەحوی(٢٠٠٨)، فۆنەتیکو فۆنۆلۆژیی – فۆنەتیک- بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.

- محەمەدی مەحوی(٢٠٠٨)، فۆنەتیکو فۆنۆلۆژیی – فۆنۆلۆژی- بەرگی دووەم، زانکۆی سلێمانی.

- غازی عەلی خورشید(٢٠١٠)، فۆنەتیکو فۆنۆلۆجی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی.

- هەژار قادر اسماعیل (٢٠١٣) ڕۆنانی برگەو گۆڕانی سنوری برگە لە شێوەزاری بالەکیاندا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، بلاوکراوەکانی دەزگای ئاراس ژمارە (٢٣٩)، چاپی یەکەم، هەولێر.

**المستخلص**

هذا البحث االموسوم بـ(تأثير اللغة العربيه على القوانين الصوتيه للغة الكوردية)، على الرغم بأن اللغات قد تصتف الى مجموعات صرفية مغايره قد تحتفظ بخصوصياتها الصرفيه و النحويه، ولكن تبقى هذه التأثيرات كافيه و دساسة للولوج في صلب و ترائب اللغات الاخريات التى تتمازج معها بوسيلة من الوسائل، وتتوضع هذه التغيرات حينما ترتكب في محاورات اللغات العامية لتلكم اللغات، هذه الاختلاف او بالاحرى هذه التأثيرات جدير بأن تدرس و توضح في أطر قوانين، تبريرات علميه على أن تستفاذ منها في البحوث العلميه فى اللسانيات.

يتوزع البحث على ثلاثة فصول:

فالفصل الاول يبحث في الوحده الصوتية، تعريفها، ضمن السلوك الصرفي و السياقان الصرفية والنحوية.

الفصل الثانى: يبحث فى القواعد و القوانين التى تنشأ القاطع الصوتية في اللغة الكوردية بقسط فى التفاصيل و الدقيقات.

والفصل الثالث: مخصص لصيغة هذه التأثيرات المتباولة فى قوالب و قوانين منتقاة من تفاصيل هذه الاختلافات و التشابهات.

ويختم البحث علمي من النتائج.

## Abstract

This research entitled (The effective of Arabic Language on Kurdish sound rules). In Linguistics we can see some effectives between Languages but thes were not inborn effectives, and they are extraodinarly, and it's the result of mixing and interacting between these two or more languages, all of these implies that these effectives were allaw. This research distribute on to three chapters. The first chapter is about identify of phoneme and discern the preeminent features of kurdish sounds. Chapter is about how to putout the effetive in a sound rules. The last chapter is about applying these rules on kurdish language. By the posit some results we ended the research.